# بۆ مامۆستا جەمال نەبەز!




**بەشیر سەبری بۆتانی، ئوورشەلیمی قودس**
hunername@hotmail.com

من لە هەفتەنامەی میدیا (ژمارەی 315، لاپەڕەی 10) وتاری مامۆستای مەزن جەمال نەبەزم خوێندەوە کە بە ناوی (ئایا ڕاستە کە؛ دوژمنی دوژمنت دۆستتە؟). بە ڕاستی نەك هەر ئەم وتارە، بەڵام هەر وتارێکی مامۆستای هێژا جەمال نەبەز وەك دەریایەکی بێسنوورە و کەس نازانێ گوژم، فراوانی و قووڵی چەندە. بۆیە من دەمەوێ بە تەنیا باسی بابەتەکەی خۆم بکەم، کە مامۆستا لە وتارەکەیدا بە بێ ئەوەی ناوی من بهێنێ باسی کردووە. ئێدی من تاکو کەی وەك (لەشکەرێکی وون) بم؟ لێرەدا مەبەستم مامۆستا جەمال نەبەز نییە، بەڵکو هەموو هێزە سیاسییەکانە. من هەواڵێکم لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بڵاو کردەوە، وەك خۆرهەڵات، دەنگەکان و سبەی، کە لە ژێر ناونیشانی (گەنجە جوولەکەکانی سوێد لە خۆپیشاندانێکی دژی تورکیا مافی بەشداریان نەبوو). مامۆستا دەبێژێ: (- کەسانێك لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا دژی ئەوە دەنووسن...)، ڕاستییەکەی تەنیا من بووم کە ئەو هەواڵەم بڵاو کردەوە. هەروەها مامۆستا دەربارەی ژمارەی گەنجەکان وا دەنووسێ: (- ڕێ نەدراوە بە دوو گەنجی ئیسرائیلی)، ڕاستییەکەی دوو گەنج نەبوون و هەروەها ئیسرائیلیش نەبوون، بەڵکو ئەمانە چەند گەنجێکی بە ڕەسەن جوولەکەی سوێد بوون، کە بە هۆی ئەوەی لە قوتابخانە لە گەڵ چەند گەنجانی کوردی سوێد دەخوێنن و دۆستایەتییان هەیە. بۆیە ویستیان دژی دوژمنانی کورد و کوردستان دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە. پاشان مامۆستا داوا لەو گەنجانە دەکا: (- جارێ بچن دەنگی خۆتان لە دژی حکوومەتەکەی خۆتان بەرز بکەنەوە...)، دیسان من دەبێژم کە ئەم گەنجانە ئیسرائیلی نین تاکو دەنگی خۆیان دژی ڕژێمی ئیسرائیل بەرز بکەنەوە. هەروەها لە ئیسرائیل دێمۆکراسییەکی بێسنوور هەیە کە مرۆڤ دەتوانێ دەنگی خۆی دژی ڕژێمەکەی خۆی بەرز بکاتەوە. هەروەها پرسێکم لە مامۆستای خۆشەویست هەیە، ئایا مافی گەنجێکی جوولەکەیەکی سوێدی هەیە کە درووشمێك هەڵبگرێ کە لە سەری نووسراوە (هاوکاری لە گەڵ کوردەکان)، یان

مافی نییه؟ من دڵنیام که مامۆستا قبووڵ دەکات، چونکه ڕێبازەکەی کوردایەتییه و نەك حیزبایەتی! ئەوه ئێمه به وێنەوه بینیمان که ئەو گەنجانه لەو خۆپیشاندانەدا بۆ هاوکاری کورد هاتن. هەروەها پرسێکی دیکەم هەیه، ئایا کەس بینی که دوو تورکمان یان دوو عەرەب که هەمیشه ئێمه پێیان دەڵێین "برا"! که لەم خۆپیشاندانەدا بۆ پشتگیری له کورد و کوردستان ئاماده بن؟

ئێدی ئەگەر مرۆڤ به وردی وتارەکانم له ڕاگەیاندنی کوردیدا بخوێنێتەوه، بۆی دەر دەکەوێ که هەندێ جار من چەند ڕستەیەکم نووسیوه، که له بەر چەند هۆیەك نەمتوانیوه تەواویان بکەم، ئێدی سێ خاڵم (...) له دوای یەکەوه داناوه. مەبەستم لێره دیاره که من پەیڤێك، دەربڕینێك یان شتێك دەشارمەوه، بەڵام بۆ تێگەیشتن ئاسانه و هەر ئاڵۆز نییه. نموونەی ئاوهام گەلێك هەیه، وەك له هەفتەنامەی میدیا (ژماره 269، لاپەڕەی 16، ناوی وتارەکە: شۆربەیەکی ئیسرائیلی، 2006/12/12). مۆسادێك ئاوها دەبێژێ: (بەڵام مەخابن که ڕەوشی کوردانی تورکیا وا نییه و ...). (سەیری ئەو سێ خاڵانه بکەن تاکو له مەبەستی من تێبگەن). به کورتی ئەمڕۆ گەلێك جوولەکه و عەرەبی ئیسرائیلی هەن که دەربارەی کوردستانی تورکیا هەر وەك من و مامۆستا جەمال نەبەز له سیاسەتی ڕژێمی ئیسرائیل ڕازی نین. ئێدی با جاری یەکەم (پ ك ك) ڕێبازی خۆی بگۆڕێ که تا ئێستا تورکیا ئەو ڕێبازه وەکو تیرۆر له قەڵەم دەدا و ڕای گشتیشی بۆ خۆی ڕاکێشا. بۆیه ئەمڕۆ دەبێ (پ ك ك) ئەم ڕێبازه بگۆڕێ، بۆ ئەوەی ڕای گشتی بۆ لایەنی خۆی و کێشەی کورد بگێڕێتەوه. له کۆتاییدا و بۆ درێژەپێدانی ڕێبازی کوردایەتی، تەمەنێکی گەلێك درێژ بۆ مامۆستای هێژا و بەرکەفتی جەمال نەبەز دەخوازم و پێی دەڵێم: ڕێبازی منیش هەر وەك ڕێبازی تۆ کوردایەتییه و بەس، هەروەها دوژمنی دوژمنت دۆستتە!!